# شەونم

هۆنراوەی (81)

من دوستدار روی خوش و موی دلکشم

من دۆستی یاری ئەسمەر و رووخۆش و مووڕەشم
سەرخۆشی چاوی مەست ومەیی بێ غەل و غەشم
فەرمووت لە رازی عەهدی ئەزەل پێم بڵێ شتێ
ئەوکاتە پێت دەڵێم لە شەرابت بدەی بەشم
چارەی ئەوینێ سووتن و سازانە بۆیە من
وەک شەم گەشم دەبینی دەسووتێم و هەر هەشم
خەڵکی بەهەشتم و سەفەریم لێرە من بەڵام
دیلی ئەوینی جوانگەلی روو وەک گوڵی گەشم
یاریم بدا بەخت بە بنە و بارگە بچمە لای
پرچی فریشتە تۆز دەتەکێنێ لە مەفرەشم
جێی لەعلی لێو وجوانییە شیراز وداخەکەم
من وەرشکستە تاجری رووت و موشەووەشم
لەوشارە چاوی جوانم ئەوەن دیوە ئەوکەڕەت
حەقمە کە مەی نەخۆمەوە مەستە هەموو لەشم
شارێکە پڕلەناز و لە شەش لاوە نازەنین
من بێ دراو و پارەم و کڕیاری هەرشەشم
بووکی غەزەل بەحافزی کوت خۆ نیشان دەدەم
چبکەم نەسیبم ئاهە لە ئاوێنە بێ بەشم

**حافزی حەقیقی**